# فیرعەون، کێ پەروەردگارە؟

دەرچوون ٤ — ٧

بۆ ئێستا بەردەوام دەبین لە سیپارەی دووەمی تەورات کە باس لە چیرۆکی پێغەمبەری خودا موسا و گەلی ئیسرائیل لە میسر دەکات. لە وانەکانی ڕابردوو، بینیمان چۆن فیرعەون، پاشای میسر، گەلی ئیسرائیلی چەوساندەوە، بە کردنیان بە کۆیلە. بەڵام خودا پلانێکی هەبوو کە ئەو خراپەکارییەی فیرعەون دەیکرد وەرگێڕێ. خودا پلانی وابوو موسا بەکار بێنێ، کە پیاوێکی نێوان گەلی ئیسرائیل بوو، بۆ ئەوەی گەلی ئیسرائیل ڕزگار بکات لە دەستی فیرعەون.

فێربووین کە موسا ڕۆشەنبیر بوو بە هەموو زانیارییەکانی میسر. کاتێ موسا بوو بە چل ساڵی، ویستی گەلەکەی خۆی بە شێوازی خۆی ڕزگار بکات. بەڵام شێوازی موسا، تەنها کێشەی بەرهەم هێنا و وای کرد کە لەدەست فیرعەون هەڵ بێت و خۆی لە دەشت و کێو بشارێتەوە. موسا دەبوایە ئەو شتە فێربێت، کە ئەو تەنها مرۆڤێکە و هیچ هێزێکی نیە گەلی ئیسرائیل رزگار بکات تەنها ئەگەر خودا ئەو هێزەی نەداتێ. بۆیە، موسا لە دەشت و کێودا ژیا بۆ ماوەی چل ساڵ، خەرێکی شوانی بوو بۆ غەزووری.

ڕۆژێك، کاتێ کە موسا تەمەنی هەشتا ساڵ بوو، خودا بۆی بە دەرکەوت لە سەر چیایێك بە ناوی سینا، لەناو گڕی دەونێك کە دەسوتا. دەوەنەکە گڕی گرتبوو بەڵام نەدەسووتا. کاتێ موسا ئەمەی بینی، سەری سوڕما. کاتێ نزیك بووەوە، گوێی لە دەنگی خودا بوو فەرمووی، (من خودای باپیرانتم، خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوبم.) موسا لە ترسان دەلەرزی و نەیوێرا تەماشا بکات. پاشان خودا فەرمووی، (سۆلەکانت لە پێت دابکەنە، چونکە ئەو شوێنەی تۆ لەسەری وەستاویت، خاکێکی پیرۆزە. بە ڕاستی من زەلیلی گەلی خۆمم بینی کە لە میسرە، هەروەها گوێم لە هاواریان بوو لەبەر سەرکارەکانیان، چونکە بە ئازارەکانیانم زانی. ئەوا دابەزیم تا فریایان بکەوم. ئێستاش بڕۆ و دەتنێرم بۆ لای فیرعەون و گەلەکەم نەوەی ئیسرائیل لە میسر بهێنە دەرەوە.)

ئێستاش با بەردەوام بین لە تەورات بۆ ئەوەی ببینین چۆن خودا کۆتایی بە قسەکانی هێنا لەگەڵ موسا و ناردی بۆ لای پاشای میسر. لە بەشی سێیەم، گوێمان لێ بوو چۆن خودا بەڵێنی بە موسا دا کە لەگەڵی بێت، و دانایی و دەسەڵاتی هەبێت لە بەرامبەر فیرعەون و خەڵکی میسر. بەڵام لە بەشی چواری سیپارەی دەرچوون دەبینین کە موسا دەترسا بڕوات. نووسراوی پیرۆزی دەفەرموێ:

(دەرچوون ٤) [١]موسا وەڵامی دایەوە و وتی: (گریمان بڕوایان پێ نەکردم و گوێیان لە قسەکانم نەگرت، بەڵکو بڵێن خوداوەندت بۆ دەرنەکەوتووە.) [٢]خوداوەندیش پێی فەرموو: (ئەوە چییە بە دەستەوە؟) ئەویش وتی: (گۆچان.) [٣] فەرمووی: (فڕێی بدە سەر زەوی.)

ئەویش فڕێی دایە سەر زەوی و بوو بە مار. جا موسا لەبەری هەڵات. [٤] ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو: (دەست درێژ بکە و کلکی بگرە.) جا دەستی درێژ کرد و گرتی و بووەوە بە گۆچان لە دەستی. [٥] (بۆ ئەوەی بڕوا بکەن کە خوداوەندت بۆ دەرکەوتووە، خودای باوکانیان، خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوب.)

[١٠] موسا بە خوداوەندی وت: (ئای خوداوەندم، من پیاوی قسە نیم، نە لە دوێنێ و پێرێوە و نە لەو کاتەوەی لەگەڵ خزمەتکارەکەت دوایت. بەڵکو من دەم گران و زمان گرانم.) [١١] خوداوەندیش پێی فەرموو: (کێ دەمی بۆ مرۆڤ دروست کردووە، یان کێ لاڵ یان کەڕ، بینا یان نابینای دروست کردووە، ئایا منی خوداوەند نیم؟) [١٢] ئێستاش بڕۆ و منیش لەگەڵ دەمت دەبم و ئەوەت فێر دەکەم کە پێی دەدوێیت.) [١٣] ئەویش وتی: (ببورە خوداوەندم، کەسێکی دیکە بنێرە.)

[١٤] تووڕەیی خوداوەند بەسەر موسادا جۆشا و فەرمووی: (ئایا (هارون)ــی لێڤی برات نییە، دەزانم ئەو قسەزانە، هەروەها ئەوەتا بۆ پێشوازیت دەرچووە، کاتێک دەتبینێت دڵخۆش دەبێت. [١٥] لەگەڵی دەدوێیت و وشەکان دەخەیتە دەمیەوە، منیش لەگەڵ دەمی تۆ و دەمی ئەو دەبم و فێرتان دەکەم چی بکەن... [١٧] ئەم گۆچانەش کە نیشانەکانی پێ دەکەیت، بە دەستتەوە دەیگریت.)

١٨ جا موسا ڕۆیشت و گەڕایەوە لای یەترۆئی خەزووری و پێی وت: (من دەڕۆم و دەگەڕێمەوە لای براکانم کە لە میسرن، تا ببینم
ئایا هێشتا زیندوون.) یەترۆئیش بە موسای وت: (بڕۆ بە سەلامەتی.) ١٩ خوداوەند لە میدیان بە موسای فەرمووبوو: (بڕۆ بگەڕێوە
بۆ میسر، چونکە هەموو ئەوانەی بە دوای کوشتنتدا دەگەڕان مردن.) ٢٠ ئیتر موسا ژنەکەی و منداڵەکانی هەڵگرت و سواری
گوێدرێژی کردن و بردنی و گەڕایەوە بۆ خاکی میسر. موسا گۆچانەکەی خوداشی بەدەستەوە گرت.
٢١ خوداوەند بە موسای فەرموو: (کاتێک دەگەڕێیتەوە بۆ میسر، سەرنج بدە هەموو کارە سەرسوڕهێنەرەکان کە لە دەستی تۆم داناوە و
لە بەردەم فیرعەون ئەنجامیان بدە... ٢٢ بە فیرعەون دەڵێیت، خوداوەند ئاوا دەفەرموویێت، ئیسرائیل کوڕە نۆبەرەمە، ٢٣ پێم فەرمووی،
بهێڵە کوڕەکەم بڕوات تا بمپەرستێت، تۆ ڕازی نەبوویت بهێڵیت بڕوات، ئەوەتا من کوڕەکەت، نۆبەرەکەت دەکوژم.)
٢٧ خوداوەند بە هارونی فەرموو: (بڕۆ بۆ چۆڵەوانی بۆ پێشوازی موسا.) ئەویش ڕۆیشت و لە کێوی خودا تووشی بوو و ماچی کرد.
٢٨ ئیتر موسا هەموو وتەکانی خوداوەندی بە هارون ڕاگەیاند کە موسای ناردبوو بۆی، هەروەها هەموو ئەو نیشانانەی فەرمانی پێدابوو.
٢٩ ئینجا موسا و هارون ڕۆیشتن و هەموو پیرانی نەوەی ئیسرائیلیان کۆکردەوە. ٣٠ هارون هەموو وتەکانی خوداوەند کە بە موسای
فەرموو بوو پێی وتن و لەبەرچاوی گەل نیشانەکانی کرد. ٣١ ئیتر گەل باوەڕی هێنا و کاتێک گوێیان لێبوو خوداوەند نەوەی ئیسرائیلی
بەسەر کردۆتەوە و تەماشای زەلیلیەکەیانی کردووە، دانەواندنەوە و کڕنوشیان برد.

(دەرچوون ٥) ١ دواتر موسا و هارون هاتن و بە فیرعەونیان وت: (خوداوەند خودای ئیسرائیل وا دەڵێت، بهێڵە گەلەکەم بڕۆن، تا لە
چۆڵەوانی جەژنم بۆ بگێڕن.) ٢ فیرعەونیش وتی: (خوداوەند کێیە تا گوێ لە قسەی بگرم و بهێڵم ئیسرائیل بڕوات؟ خوداوەند ناناسم
و هەروەها ناهێڵم ئیسرائیل بڕوات.)

با بۆ ساتێك ڕاوەستین. دەبینین چۆن خودا لەگەڵ فیرعەون قسەی کرد لە ڕێگای دەمی موسا و وهارونەوە. ئایا فیرعەون باوەڕی بە وشەی خودا کرد؟ نەخێر، باوەڕی نەکرد! ئایا دەزانی چۆن وەڵامی موسا و هارونی دایەوە؟ ووتی، (خوداوەند کێیە تا گوێ لە قسەی بگرم و بهێڵم ئیسرائیل بڕوات؟ خوداوەند ناناسم و هەروەها ناهێڵم ئیسرائیل بڕوات.)

فیرعەون پەروەدگاری نەدەناسی. فیرعەون و خەڵکی میسر ئاینیان هەبوو، بەڵام خودایان نەدەناسی. ئەوان تەنها بایەخیان بەوە دەدا کە شوێنی ئاینی باوباپیرانیانی خۆیان بکەون. بایەخیان بە ناسینی خودای زیندو و ڕاستەقینە نادا، خودای ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب. فیرعەون و میسرییەکان متمانەیان بە دابونەریت و نووشتەکان و سەرکردە ئایینەکانی خۆیان کرد، بەڵام متمانەی خۆیان بە پەروەدگار و ووشە تاهەتاییەکەی نەکرد.

بۆیە، لە بەشی شەشەم دەخوێنینەوە: (دەرچوون ٦) ١ خوداوەندیش بە موسای فەرموو: (ئێستا دەبینیت چی بە فیرعەون دەکەم، بە
دەستێکی بەهێز بەڕەڵایان دەکات و بە دەستێکی بەهێز لە خاکی خۆی دەریان دەکات.) ٢ ئینجا خودا لەگەڵ موسادا دووا و پێی
فەرموو: (من خوداوەندم، ٣ بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب وەک خودای توانادار دەرکەوتم، بەڵام بە ناوم، خوداوەند لەلای ئەوان
خۆم نەناساند. ٤ هەروەها پەیمانی خۆم لەگەڵیان بەست، کە خاکی کەنعانیان پێ بدەم، خاکی نامۆییان کە تێیدا نامۆ بوون.
٥ هەروەها گوێم لەناڵەی نەوەی ئیسرائیل بوو، ئەوانەی میسرییەکان کۆیلایەتییان پێ دەکەن و پەیمانی خۆم بەبیر هاتەوە.
٦ (بۆیە بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ، من خوداوەندم، لە ژێر بارگرانی میسرییەکان دەرتان دەهێنم و لە کۆیلایەتی ئەوان فریاتان دەکەوم
و بە بازوویەکی درێژ و دادپەروەریەکی مەزن دەتانکڕمەوە. ٧ هەروەها دەتانکەم بە گەلی خۆم و دەبم بە خوداتان، ئیتر دەزانن منی
خوداوەند خوداتانم، ئەوەی لە ژێر بارگرانی میسرییەکان دەرتان دەهێنێت. ٨ دەشتانهێنم بۆ ئەو خاکەی کە دەستم بەرز کردەوە بیدەم
بە ئیبراهیم و بە ئیسحاق و بە یاقوب، وەک میرات بە ئێوەی دەدەم، من خوداوەندم.)
(دەرچوون ٨) ٤ فیرعەونیش گوێتان لێ ناگرێت، منیش دەستم دەخەمە سەر میسر و لەشکرەکانم و گەلەکەم نەوەی ئیسرائیل بە
دادپەروەریەکی مەزن لە خاکی میسردا دەردەهێنم. ٥ میسرییەکانیش دەزانن کە من خوداوەندم، کاتێک دەست بۆ میسر درێژ دەکەم و

نەوەی ئیسرائیل لەناویاندا دەردەهێنم.)

٦ موسا و هارونیش هەروەک خوداوەند فرمانی پێکردبوون، ئاوایان کرد. ٧موسا تەمەنی هەشتا ساڵ بوو و هارونیش هەشتا و سێ ساڵ بوو، کاتێک لەگەڵ فیرعەون قسەیان کرد.

بەم شێوەیە، دەبینین چۆن خودا پلانی دانا دادوەری فیرعەون و خەڵکی میسر بکات بە کرداری دادوەری مەزن. خودا، لە ڕاستودرووستی خۆیدا، نیازی تۆڵە سەندنەوەی هەبوو لە میسرییەکان بۆ سەدەها ساڵی ناخۆشی کە بە سەر گەلی ئیسرائیلیان هێنا بوو. هەروەها، لە ڕێگای ئەو موعجیزانەی کە خودا پلانی دانا بە دەستی موسا ئەنجامی بدات، خودا ویستی شکۆمەندی و هێزی خۆی نیشان بدات. بەو شێوەیە، خودا پشانی خەڵکی میسر و هەموو جیهان دەدات کە پەروەردگار خودا، ئەوەی کە لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب و موسا قسەی کرد، خودای زیندو و ڕاستەقینەیە !

هەر وەك پێشتر فێربووین، خودا بە بەزەییترین خودایە و نایەوێ کەس بفەوتێ، بەڵکو دەیەوێ کە هەموو کەس تۆبە بکەن و ڕاستی وەربگرن. بۆیە پلانی ئەنجام دانی موعجیزەی هەبوو کەوا ئەو ووشانەی لە ڕێگای موساوە فەرموو بووی جێگیر دەکات. پەروەردگار ویستی هەموو کەس بزانێت و هیچ گومانێکی نەبێت کە خودا، ئەوەی لە ڕێگای موساوە قسەی دەکرد، خودای ڕاستەقینەیە !

پێویستە لە یادمان بێت کە لە میسر سەدەها بت هەبوون کەوا میسرییەکان بەخودایان دادەنا. بەڵام، خودا ویستی ئەوان بزانن کە تەنها یەك خودای ڕاستەقینە هەیە. خودا ویستی ئەوان بزانن کە ئەو تاقە خودا ڕاستەقینەیە ئەو خودایەیە کە پەیمانی لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب بەستا — وە پەیمانی دا کە نەتەوەیەکی مەزنیان لێ درووست بکات کەوا پێغەمبەران و نووسراوە پیرۆزەکان و ڕزگاری دەری جیهانی لێوە درووست بێت.

بەڵام فیرعەون، هیچ گرنگی نەدا بە ناسینی تاقە خودای ڕاستەقینە. بۆیە، کاتێ خودا هەوڵی قسە کردنی دەدا لەگەڵ فیرعەون لە ڕێگای موسا و هارونی پێغەمبەریەوە، فیرعەون وەڵامی دایەوە و وتی، (خوداوەند کێیە تا گوێ لە قسەی بگرم و بهێڵم ئیسرائیل بڕوات؟ خوداوەند ناناسم و هەروەها ناهێڵم ئیسرائیل بڕوات.) (دەرچوون ٥: ٢)

فیرعەون ڕاستی کرد کە ووتی پەروەردگار ناناسێ ! ئەو خودایەی ناناسی کە پەیمانێکی تاهەتایی لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب بەستابوو. فیرعەون ئاینی هەبوو، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ خودا نەبوو. دڵی فیرعەون داخرابوو بەرامبەر بەو ڕاستییەی کە لە لایەن تاقە خودای ڕاستەقینەوە هاتبوو. بۆیە، ئەو پەیامەی خودا لە ڕێگای موسا و هارونەوە پێی ووت پشت گوێ خست.

تا ئەمڕۆش، زۆربەی خەڵك لە جیهان بە شوێن پێی فیرعەوندا دەڕۆن. باسی خودا دەکەن، بەڵام هیچ سەرنجی ووشەی خودا نادەن. لە دەرئەنجامدا، ئەوان خودا ناناسن. هەندێك شت دەزانن دەربارەی خودا، بەڵام خودی خودا ناناسن. ئاینیان هەیە کەوا لە باووباپیرانیان بۆیان ماوەتەوە، بەڵام پەیوەندێکی ڕاستەقینەیان لەگەڵ ئەو خودایەی کە خۆی بۆ موسا بەدەر خست نیە.

ئەی دەربارەی تۆ؟ پەروەردگار دەناسێ؟ ئایا بەڕاستی دەزانی چی فەرمووە لە ڕێگای پێغەمبەرەکانیەوە؟ ئایا هەرگیز بە ووردی و بە قووڵی سەرنجی نووسراوەکانی پێغەمبەرەکانی خودات داوە؟ ئایا بەڕاستی پەروەردگار خودا دەناسێ؟ ئایا پڕ بە دڵ خۆشت دەوێ؟ ئایا دەتەوێ بە گوێی بکەی؟ یاخود تۆش وەك فیرعەونیت، کەوتیە دوای ئاینی باووباپیرانت؟

برادەرانی ئازیز، دەبا کەسمان وەك فیرعەون نەبین، ئەوەی کە گوێ گرتن و باوەڕ هێنان بە ووشەی خودای تاهەتایی ڕەت کردەوە ! سەرنج بدە لەم ئاگادار کردنەوەیە لە ووشەی خودا: خوشکان، برایان، ئاگاداری خۆتان بن، نەوەک یەکێتان دڵێکی خراپ و بێباوەڕی هەبێت کە لە خودای زیندوو هەڵبگەڕێتەوە. (عیبرانیەکان ٣: ١٢)

لە دیراسەتی داهاتووماندا، بەردەوام دەبین لەم چیرۆکە سەرنج ڕاکێشە و دەبیینین چۆن خودا دە پەتای بەسەر فیرعەون و میسرییەکان تاکو بزانن کە ئەو پەروەردگارە !

خودا بەرەکەتی خۆی بەسەرتدا ببارێنێ کاتێ ئاگادارییەکەی جددییەی ووشە پیرۆزەکەی خودا لەیاد دەپارێزن: **ئەمڕۆ، ئەگەر گوێتان لە دەنگی ئەو بوو، دڵتان ڕەق مەکەن!** (عیبرانییەکان ٣: ١٥)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. ئایا فیرعەون باوەڕی بە ووشەی خودا کرد؟
٢. چۆن وەڵامی موسا و هارونی دایەوە؟
٣. ئەی دەربارەی تۆ؟ پەروەردگار دەناسیێ؟
٤. ئایا بەڕاستی دەزانی چی فەرمووە لە ڕێگای پێغەمبەرەکانیەوە؟
٥. ئایا هەرگیز بە ووردی و بە قووڵی سەرنجی نووسراوەکانی پێغەمبەرەکانی خودات داوە؟
٦. ئایا دەتەوێ بە گوێی بکەی؟
٧. یاخود تۆش وەك فیرعەونیت، کەوتیە دوای ئاینی باووباپیرانت؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998}بەخەش کراوەتە.
**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای راستودروستی**
rrd2011@yahoo.com    www.rrdk.org